# Nostalgia in Kurdish Women's Poetry with the Example of Poems of Raman Magazine

Madiha Abdulqadir Chalabi[1], Yadgar Rasool HamadAmeen[2]
Soran University

DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2692.07

Published: 5/4/2026

## *Abstract*

*Nostalgia as a subject related to the human mind ،has covered a large part of literature in general and poetry in particular ،this concept means Reflecting on the past and sadness and longing for the distance from the country and loved ones. This research entitled (entitled (Nostalgia in Kurdish Women's Poetry with the Example of Poems of Raman Magazine) aims to reveal nostalgia ،to become familiar with the reflection of nostalgia in Kurdish women's poetry. This study uses the descriptive analytical method. This research has concluded that Kurdish women have paid great attention to nostalgia ،both types of nostalgia (individual and general) in literature. At the level of individual nostalgia ،nostalgia for childhood ،nostalgia for nature ، nostalgia for distance ،nostalgia for the country ،and nostalgia for distance from the beloved are embodied. In terms of general nostalgia ،nostalgia for ancient legends ،folklore ،stories ، national figures and historical events is reflected. They have also given beauty ،creativity and artistic imagery to poetic texts because of their sense of nostalgia.*

***Keyword***: *Nostalgia ،Woman Poetry ،Raman Journal ،Reflecting on the past*

# نۆستالژیا لە شیعری ئافرەتی کورد، بە نموونەی شیعرەکانی گۆڤاری ڕامان


## پوختە

نۆستالژیا وەک بابەتێکی پەیوەست بە دەروونی مرۆڤ، بەشێکی زۆر فراوانی لە ئەدەب بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی گرتۆتەوە، ئەم چەمکە بە واتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و خەم و حەسرەتی دووری لە نیشتمان و ئازیزان و گلەیی لە ژیانی ئێستا و ئارەزووی داهاتوویەکی باشتر دێت. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (نۆستالژیا لە شیعری ئافرەتی کورد، بە نموونەی شیعرەکانی گۆڤاری ڕامان) ئامانج لێی دەرخستنی نۆستالژیایە، بۆئەوەی ئاشنابین بە ڕەنگدانەوەی نۆستالژیا لە نێو شیعری ئافرەتی کورد. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکاردێنێت.

ئەم توێژینەوەیە گەشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە ئافرەتی کوردیش گرنگییەکی زۆری بە نۆستالژیا بە هەردوو جۆری (تاک و گشتی) لە نێو ئەدەبدا داوە، لە ئاست نۆستالژیای تاکدا نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سروشت و نۆستالژیای دووری و حەسرەتی نیشتمان و نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووری لە دڵدار بەرجەستەکراوە. لە ئاست نۆستالژیای گشتیشدا نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ داستانەکان و نۆستالژیای کەسایەتییە نەتەوەیی و ڕووداوە مێژووییەکان بەرجەستە کراوە. هەروەها بە هۆی هەستی نۆستالژیاوە جوانی و داهێنان و وێنەی هونەرییان بە دەقە شیعرییەکان بەخشیوە.


**کلیلەوشەکان**: نۆستالژیا، شیعری ئافرەتان، گۆڤاری ڕامان، هەستی گەڕانەوە.

## پێشەکی

نۆستالژیا وەک بابەتێکی دانەبڕاو لە شیعر، یەکێکە لە پەیام و بونیاتە هونەرییەکانی ناوەرۆکی شیعر، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (نۆستالژیا لە شیعری ئافرەتی کورد، بە نموونەی شیعرەکانی گۆڤاری ڕامان)دا لە دوو بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەم لە تەوەرەی یەکەم باس لە زاراوە و چەمک و پێناسەکانی نۆستالژیا کراوە، لە تەوەرەی دووەم باس لە پەیوەندیی نۆستالژیا بە ئەدەب و جۆرەکانی کراوە. بەشی دووەمیش پراکتیکییە تایبەتکراوە بە جۆرەکانی نۆستالژیا لە شیعری ئافرەتان، کە لە ئاستی نۆستالژیای تاکدا بریتین لە (نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ منداڵی و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سروشت و نۆستالژیای دووری و حەسرەتی نیشتمان و نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووری لە دڵدار)، لە ئاستی نۆستالژیای گشتیشدا بریتین لە (نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ داستانەکان و نۆستالژیای کەسایەتییە نەتەوەیی و ڕووداوە مێژووییەکان) لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** خستنەڕووی نۆستالژیا و جۆرەکانی نۆستالژیایە لە شیعری ئافرەتی کوردە لە گۆڤاری (ڕامان)، بۆئەوەی ئاشنابین بە گرنگیدانی شاعیرانی ئافرەت بە نوستالژیا.

**پرسیاری توێژینەوەکە:** ئایا نوستالژیا ڕەنگیداوەتەوە لە نێو شیعری ئافرەتان؟

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، بەپێی بەدواداچوونمان یەکەم جارە توێژینەوەیەک لە سەر نۆستالژیا لە شیعرەی ئافرەتی کورد بە نموونەی گۆڤاری (ڕامان) بکرێت.

**سنووری توێژینەوەکە**: بریتییە لە نموونەی شیعری ئافرەتانی کورد لە نێو گۆڤاری (ڕامان)، کە لە ساڵی (1997 تا 2000) بڵاوکراونەتەوە.

## بەشی یەکەم

### تەوەرەی یەکەم: زاراوە و چەمک و پێناسەی نۆستالژیا

### زاراوەی نۆستالژیا

زاراوەی نۆستالژیا وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و تایبەتمەندییەکی دەروونی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەدیدەکرێت، ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبیش گرنگییان پێداوە.

وشەی (نۆستالژیا) لە نێو فەرهەنگی زمانە بیانییەکاندا بوونی هەیە. لە فەرهەنگە فارسیەکاندا هاتووە، کە نۆستالژیا لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانی پێکهاتووە، (*noste*) بە واتای گەڕانەوە، (*algos*) بە واتای ئازار و ڕەنج و حەسرەتکێشانە (پۆرافکار, 1382, ص. 1011). نۆستالژیا وشەیەکی فەڕەنسییە بەشی یەکەمی وشەکە (*Noste*) بە واتای گەڕانەوە بۆ ماڵ و بەشی دووەمی وشەکەش (*Algia*) بە واتای ئێش و ئازار و خەم و حەسرەت دێت (نفيسي, 1375, ص. 248). هەروەها بە واتای غەم و غوربەت و هەستکردن بە ناخۆشی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەک گەنجییەتی و مێردمنداڵی و مەرگ و ژیان و لە دەستدانی کەسانی خۆشەویست... هتد دێت (حييم, 1375, ص. 669). لە فەرهەنگی عەرەبیدا نۆستالژیا بە واتای ئارەزوی گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان و حەسرەتکێشانە بۆ ڕابردوو (سهيل، 2006، صفحة 537). لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الاغتراب) کە لە ڕەگی (الغربة) وەرگیراوە، بە واتای نامۆیی دێت. ئەویش بە واتای بەجێهێشتنی جێگایەک یان نیشتمان دێت، جا ئەو بەجێهێشتنە چ بە ئارەزووی خۆی بێت یاخود بە زۆرەملێ (ابن منظور، 1988، صفحة 40).

لە فەرهەنگە کوردییەکاندا (نۆستالژیا) بە زاراوەی خۆی نەهاتووە، بەڵکو بە دەستەواژە و زاراوەی تر هاتووە، هەر چەندە ئەم زاراوانە بە تەواوی بەرامبەر بە زاراوەی نۆستالژیا نین، بەڵام هەڵگری هەمان واتا و دەلالەتی زاراوەی (نۆستالژیا)ن. لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا بە چەمکی جۆراوجۆر هاتووە: "نامۆیی، بیانی، غەریبە، غەوارە، نامۆیی: بێگانەیی" (موکریانی, 1369, لاپەڕە 857). دەستەواژەی نۆستالژیا بە واتای "سۆزی گەڕانەوە بۆ نیشتمان" (لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان, 2006, لاپەڕە 69) هاتووە، کە لە دەستەواژەی (حنین الی الوطن) وەرگێڕدراوە. لە زمانی کوردیدا نۆستالژیا بە واتای گواستنەوە لە ژینگەی خۆت بۆ شوێنێکی تر، کە ئەو شوێنە لە لای ئەو نامۆیە (قادر, 2010, لاپەڕە 20). زاراوەی نۆستالژیا دەرهاوێشتەی دڵەڕاوکێ و ترسی لەدەستدانی پیرۆزییەکان و نەگەڕانەوەیە بۆ زێدی خۆی، هەستکردنە بە غەریبی بۆ ژینگە بنەڕەتییەکەی، کە لێی دوورکەوتۆتەوە، سۆزی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، کە لە یادەوەری ئەو تۆمارکراوە، ئاماژەکردنە بە ئێش و ژانەکانی ژیان (ئەسوەد, 2011, لاپەڕە 338).

## چەمک و پێناسەی نۆستالژیا

نۆستالژیا وەک چەمکێکی فراوان و هاوبەش لە نێوان دەروون و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ و ئەدەب و زۆربەی زانستەکانی تردا هەیە، بۆیە لە ڕوانگەی ئایینی و دەروونی و پزیشکی و ئەدەبی... هتد، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. نۆستالژیا لە سەرەتاوە پەیوەست کرابوو بە هەستی دڵتەنگی و حەسرەت هەڵکێشان، بۆیە لە بواری پزیشکی بە نەخۆشی لەقەڵەمدراوە، وەک چارەسەرکردن بۆ ئەو سەربازانە بەکاردەهات، کە دووچاری تێکچوونی باری دەروونی دەبوون، بە هۆی هەستکردن بە غەریبی و دووری لە خانەوادە و ژینگەکەیان (ڕەشید & عومەر, 2020, لاپەڕە 56). پزیشکە دەروونییەکان ئەم دوورییە بە "شارە سۆزی، پەرۆشی چوونەوە ماڵ، شار و نیشتمان" (فەرەج, 2010, لاپەڕە 314) ناودەبەن. نۆستالژیا هەست و سۆزی حاڵەت و بارێکی

دەروونییە یان سۆزدارییە، سەرهەڵدانەکەی بەپێی شوێنکاتی ژیانی مرۆڤ لە ئەدەب ڕەنگدەداتەوە (عصفور، 2001، صفحة 20).

نۆستالژیا لە تاراوگە و ئاوارەییدا حەسرەتی دووری خاک و گەڕانەوەیە بۆ زێد و نیشتمان "تاراوگە چەمکێکە پتر گرێدراوی شوێن و چوارچێوەیەکی جوگرافی دەرەوەی سنورەکانی زێد و نیشتیمانە" (محمد & رەسول, 1397, لاپەڕە 126). وێڕای دروستبوونی خەم و حەسرەت لە غوربەتدا، بەڵام غوربەت فاکتەرێکی گرنگیشە بۆ ئەدیبان لە بابەتی داهێناندا. عەبدوڵڵا سەڕاج دەڵێت: "لەوەتەی هەم خۆم لەگەڵ خۆمدا غەریبم، غوربەت بووەتە حاڵەتێکی هەمیشەیی لە ژیانمدا، وەلێ دێوەزمەی غوربەتم بە کارکردن و هونەر بەزاندووە لەوێ کاتم پڕە هەست دەکەم دەتوانم شت بنووسم" (عەبدوڵڵا سەڕاج, ٢٠١٣, لاپەڕە ١٠٦). نۆستالژیا شێوازی پەرچەکرداری بێبەشبوونە لە ئاسوودەیی. ناڕازی بوونی مرۆڤە لەو دۆخەی کە تێیکەوتووە، بێزاربوون و هەست نەکردنە بە خۆشییەکانی ژیان و چەشتنی ئازارەکانی سەردەمی خۆیەتی (محمد راضي جعفر، 1999، صفحة 52). نۆستالژیا بیرکردنەوە و حەسرەتی لەدەستدانی کات و شتە بە بەها و خۆشەویستەکانی مرۆڤە، کە لە کاتی خۆی نرخی نەزانیوە، گەڕانەوەیان مەحاڵە، بۆیە هەستی دەروونی ئاوێتەی حەسرەت بۆ ڕابردوو دەکات و خەمیان بۆ دەخوات (حەسەن م. ف., 2008, لاپەڕە 52).

هەندێک لە ئەدیبان پێیانوایە نوستالژیا خۆ دزینەوەیە لە ئێستا و خۆ بەستنەوەیە بە ڕابردوو، کە گەڕانەوەیەکی بێسوودە. ڕێبوار سیوەیلی لە پێشەکی کتێبی (لە ستایشی ئەدەبدا) دەڵێت: "نوستالژیا گەڕانەوەیەکی پڕ مەترسییە بۆ ڕابردوو، ئەوانەی تەنیا لە ئەدەبی پێشینەکاندا بۆ وەڵامی پرسیارەکان دەگەڕێن، لە نۆستالژیادا گیریان خواردووە، چونکە دەیانەوێت بە ڕاکردن و چاو نوقاندن لە ئێستا و تێنەگەیشتن لە هەنووکە، (ڕابردوو) گەورەتر پیشانبدەن لەوەی کە هەیە" (شێرزاد, 2001, لاپەڕە ١١)، بەڵام دەکرێت بڵێین: نۆستالژیا وەک هەستێکی دانەبڕاو لە

مرۆڤ، ئەوەندە بارێکی دەروونی خراپیش نییە، چونکە وێڕای بە بیر هێنانەوەی یادەوەریە شیرین و تاڵەکان، داهێنانی هونەری و ئیستاتیکی لە ئەدەب بنیاددەنێت "هیچ مرۆڤیک نییە ئەگەر بۆ ماوەی چەند چرکەیەکش بێت، هەست بە نامۆیی نەکات لە ژیانیدا، ئەو نامۆییەی لێرەدا بە دوایدا وێڵین مشتێ بنەما و ئیلیمێنتی خۆی هەیە، کە دەبنە ڕێخۆشکەری داهێنانی هونەری و ئەدەبی" (فازیل, 2013, لاپەڕە ٧١).

کەواتە لە کۆی پێناسەکانی سەرەوە دەردەکەوێت، کە نۆستالژیا هەستێکی دەروونییە، مەیل و حەسرەت و تامەزرۆییە بۆ ئەو کات و شوێنانەی کە یادەوەری تێدا تۆمارکراوە، بە خۆشی و ناخۆشییەوە بوون بە یادەوەری، یاخود ڕەتکردنەوەی واقیعی ئێستا و ئاواتخواستنە بە داهاتوویەکی باشتر، نۆستالژیا تەنیا گەڕانەوە نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکو گلەییە لە ئێستای پڕ لە غەم و هەڵگریی خەمی داهاتوویەکی باشتریشە، شاعیر لە ڕێگەی هەستەوە دەریان دەبڕێت و لە دەقەکاندا ڕەنگ دەداتەوە.

**تەوەرەی دووەم: پەیوەندی نۆستالژیا بە ئەدەبەوە**

زاراوەی نۆستالژیا هەر بە تەنیا لە نێو گۆڕەپانی پزیشکی و دەروونی نەمایەوە، بەڵکو پەلیکێشا بۆ ناو جیهانی ئەدەبیاتیش. لە نێو زانستە ئەدەبیەکاندا شاعیران و نووسەران لە ڕێگەی هەستەکانیانەوە ئاوێتەی ڕابردوو دەبن. ئەویش بە گەڕانەوەیان بۆ ئەو ڕۆژگار و قۆناغ و شوێنە جیاوازانەی کە هەڵگری ڕووداوی خۆش و ناخۆشن و لێیان بووەتە یادەوەری و لە یادگە و خەیاڵیان تۆمارکراوە، دواتر بەپێی جۆری نووسین و بنەماکانی ئەدەب بە شێوازی نووسین دەردەبڕدرێت. نوستالژیا تایبەت نییە بە سەردەم و ڕێبازێکی دیاریکراو لە ئەدەبدا، بەڵام دەکرێت لە نێو هەندێک ڕێبازی ئەدەبیدا زیاتر هەستی پێبکرێت، بە نموونە ڕێبازی ڕۆمانتیک، چونکە گەڕانەوەی نووسەر و شاعیرانە زیاتر بۆ ناخ و هەست و سۆزی دەروونی خۆیان. "نۆستالژیا

پەیوەندییەکی بەهێزی بە ئەدەبەوە هەیە، ئێستا وەک دووانەیەکی لەیەک دانەبڕاو تەماشا دەکرێن. ئەگەر لە کۆندا نۆستالژیا وەک حاڵەتێکی دەروونی و تایبەت بە بواری دەروونزانی وێنا دەکرا، ئەوا ئەمڕۆ بە تەواوی بووە بە بەشێک لە ئەدەب" (محمد، 2024، لاپەڕە 55). هاتنی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی ڕێژەی مرۆڤ، ڕێرەوی ژیانی ئاڵۆزتر کردووە، بۆیە شاعیران و نووسەران ڕووبەرێکی زیاتر لە ژانرە ئەدەبیەکانیان بە نۆستالژیا تەنیوە.

ڕەخنەگران بە دوای تایبەتمەندییەکان و چۆنیەتی دەرکەوتنی نۆستالژیادا کەوتن لە نێو بەرهەمی شاعیراندا، چەندین لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا ڕوونیان کردەوە، کە بەرهەمە ئەدەبیەکان هەڵگری نیشانەکانی نۆستالژیان، وەک شانۆنامەی (ئۆدیبی پاشا)ی سۆفۆلیکس و (کۆماری)ی ئەفلاتۆن و (سیاسەت)ی ئەرستۆ و (یۆتۆپیا)ی تۆماس مۆر و (المدينة الفاضلة)ی فارابی و ڕۆمانی (ليس ثمة امل لكلكاميش)ی محمد عبدالمجيد و ڕۆمانی (المخلوقات)ی فاضل العزاوی... هتد (عەبدوڵڵا, ٢٠١٦, لاپەڕە ١٤٧).

لە نێو ئەدەبیاتی کوردیشدا نۆستالژیا بەشێکی دانەبڕاوە، چونکە لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا و لەدەستدانی ئازیزان و داگیرکاری و دەربەدەری و ڕەوانەدان بە دەستخستنی مافەکانی... هتد، هەموو ئەمانە لێشاوێک گۆشەگیریی و ئاوارەیی و کۆچ و خەم و حەسرەت و دابڕان و نامۆیی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، شاعیران و نووسەرانی کوردی ئاراستە کردووە بۆ قوڵبوونەوەی زیاتر بە ناخی خۆیان و گرنگیدان بە ڕابردوو. هەر لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردییەوە هەست بە بوونی دیاردەی نۆستالژیا دەکرێت. لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردییەوە، چەندین نموونە و پەندی نۆستالژیائاسا دەرکەوتوون، وەک (ڕەحمەت لە کفن دزی پار، ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار... هتد). زاراوەی نۆستالژیا لە نێو ئەدەبی کۆنی کوردیشدا نامۆ نەبووە، شیعری زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیک و نوێ ئەم هەستە بەرجەستەکراوە (دوو چامەکەی) نالی و سالم و (دوو

ئاوان)ی پیرەمێرد و (نالەی جودایی)ی هێمن و (وتم بە بەختی خەواڵوو)ی حاجی قادری کۆیی... هتد. بەڵگەی ئاشکران لە سەر بوونی دیاردەی نۆستالژیا. نالی هەستی دووری خۆی بۆ سالم هەڵدەڕێژێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور

وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور (دیوانی نالی، 2004، لاپەڕە 56).

(هێمن موکریانی) نۆستالژیای دووری و گەڕانەوەی بۆ زید و نیشتمان و ئازیزانی دەربڕیوە:

دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم

دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم (دیوانی هێمن، 2005، لاپەڕە 280).

لە سەردەمی هاوچەرخ و ئێستاشدا نۆستالژیا زیاتر هەستی پێدەکرێت، وەک کەرەسەیەکی ئەدەبی لە بەر دەستی ڕەخنەگراندا بوونی هەیە، ئاشنابوونی ئەدەبی کوردی بە ئەدەبیاتی جیهانی، هاتنی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی ڕێژەی مرۆڤ و جیهانی سەرمایەداری ڕێرەوی ژیانی مرۆڤیان ئاڵۆزتر کردووە، دەشێت ئەمانە هەموو هۆکار بن، کە شاعیران و نووسەران ڕووبەرێکی زیاتر لە ژانرە ئەدەبییەکانیان بە نۆستالژیا بتەنن.

شیعر بە هۆی تێکشکاندن و لادان و پەیڕەونەکردنی یاسا ڕێزمانییەکان، لە ئاخاوتنی کەسێکی ئاسایی ناچێت. شاعیران بە زمانێک دەدوێن و دەپەیڤن کە لە زمانی کەسانی تردا باو نییە، بەڵکو زیاتر لە قسەکردن و گڕوگاڵی منداڵ دەچێت، کە تازە فێری قسەکردن بووبێت، چونکە زمانێکی سرکە و خۆی بەدەستەوە نادات، یاسا زمانییەکان، ناتوانن کەوی و سنووربەندی بکەن، (گۆستاڤ فلۆبیر) دەڵێت: شیعر گەڕانەوەیەکی هەر وا سادە و ساکار نییە، بەڵکو گەڕانەوەیەکی دەستی ئەنقەستە بۆ منداڵی، ئەویش دەکرێت بە کودەتایەکی شیعری بە لادانی بنەماکانی یاسا زمانییەکان و تیکشکاندنیان ئەمە ئەنجام بدرێت، ئەو گەڕانەوەیەش، گەڕانەوەیەکی نۆستالیژییە (جەبار, 2008, لاپەڕەکان 23-24). کەواتە، شاعیر بە داهێنان و ئافراندنی وێنەی هونەری لە

شیعر بە تێکشکاندنی زمانەکە نۆستالژیا بەرهەم دەهێنێت، ئەویش بە پەنابردنەبەر ڕابردوو و هێنانەوەی یادەوەری لە ڕێگەی خەیاڵەوە بۆ نێو دەقە شیعرییەکان. نۆستالژیا لە نێو ئەدەبدا دەکرێت بە دوو جۆری سەرەکی:

### 1- نۆستالژیای تاک

لەم جۆرە نۆستالژیایە شاعیران و نووسەران لەگەڵ بیرەوەری و بەسەرهاتەکانی خۆیاندا دەژین، بەرهەمەکەی تایبەت دەکات بە غوربەت و خۆشی و ناخۆشییەکانی تاکەکەسی، شاعیر "بە هۆی کاریگەربوونی بە دۆخێکی دەروونی، تەواوی وێنە و کەرەسەکانی دەقەکە دەخاتە خزمەتی وێنەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی و دۆخێکی نۆستالژیانەی تاک بەرهەم دەهێنێت" (محمد، 2024، لاپەڕە 21). لە نۆستالژیای تاکدا چەندین جۆری نۆستالژیا بەدی دەکرێت، کە پەیوەندییان بە ژیانی تایبەتی شاعیر و نووسەرانەوە هەیە وەک: نوستالژیای ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سەرەمی منداڵی و سەردەمی گەنجی، نۆستالژیای خەمی پیری و ترس لە مردن، نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووری لە دڵدارەکەی، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ شار و زێد و نیشتمان، نۆستالژیای لەدەستدان و دووری لە ئازیزان. نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سروشت، نۆستالژیای ئاواتخواستن بۆ داهاتوویەکی باشتر. نۆستالژیای کۆمەڵگەیەکی نموونەیی، نۆستالژیای زیندانیکردن و بەندیخانە... هتد. دەشێت خەیاڵ و تێڕامان بەپێی بارودۆخ و ژیانی شاعیر دەربکەوێت، هەر بۆیە نۆستالژیا لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. (کەژاڵ ئەحمەد) لە شیعری (بۆت دەمرم هەولێرە ماست) بە گەرانەوەی بۆ سەردەمێکی دووری شاری هەولێر، نۆستالژیای تاک بەرجەستە دەکات، دەڵێت:

لۆت دەمرم گوڵە
دڵم هەروەکو زەمبیلەی بن هەنگڵی
ژنەکانی شێخەڵڵا کون کونە و،

ئازارم وەکو عەرەبانەی

کەرەسەی دۆڵمە دەگەڕێ (کەژاڵ، 2024).

هەستکردن بە غەریبی و یادەوەری لە شاری هەولێر شاعیری گەڕاندۆتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن، تەنانەت بەکارهێنانی ئامرازی (لۆ)، کە شێوەزاری هەولێرییە، ڕەنگدانەوەی هەستی غوربەتی شاعیرە بۆ هەولێر، شاعیر دڵی خۆی بەو زەمبیلە کون کونانە چوواندووە کە لە کاتی خۆیدا ژنان بۆ بازاڕکردن لەگەڵ خۆیان دەیانبردنە بازاڕی (شێخەڵڵا)ی هەولێر. هەروەها خەمە زۆرەکانیشی بە کەرەسە جۆراوجۆرەکانی دۆڵمەی هەولێرییان چواندووە.

## 2- نۆستالیژیای گشتی

ئەم جۆرەیان گەڕانەوەیە بۆ یادەوەریە گشتییەکان، کە پەیوەندییان بە بابەتە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، باس لە بیرەوەری ژیانی ڕابردوویەکی دوور و شوێنە کۆنەکانە. شاعیر خۆی دەکات بە بەشێک لە کۆمەڵگە، بەشداری لە دڵخۆشی و نەهامەتییەکانیان دەکات (احمدي و ايوكي، 2012، صفحة 154). ئەم بەشداریکردنەی شاعیریش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی نۆستالژیای گشتی وەک: نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ داستان و ئەفسانە کۆنەکان، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ شوینەوارە کۆن و دێرینەکان، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ حیکایەت و بابەتە فۆلکلۆرییەکان، نۆستالژیای گەرانەوە بۆ کەسایەتییە ئایینی و نەتەوەیی و مێژووییەکان... هتد). (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) لە بەشێک لە شیعری (بۆ پاکیزەکانی ئەنفال کە فرۆشران) دەڵێت:

ئەی پاکیزە شۆخەکانی ئەنفال کەی دێنەوە

ئێرە پڕ دەکەنەوە لە گوڵ

پڕی دەکەن لە پاکیزەیی و

پڕی دەکەن لە پەلکە زێڕینەو

ملوانکەی گەردنی شۆخ و شەنگەکان

پڕی دەکەن لە بۆنی سەد و هشتا و دوو هەزار سێو (دیوانی کەژاڵ، 2015، لاپەڕە 613).

شاعیر لەم پارچە شیعرەیدا نۆستالژیای لە چوارچێوەی بابەتێکی نەتەوەیی و کارەسات و یادگارییەکی پڕ لە ئازار و حەسرەتی میللەتەکەی خستۆتەڕوو، بەشدارە لە ئازار و حەسرەت و چاوەڕوانی گشتی، کە بریتییە لە خەم و ئازاری گەڕانەوەی پاکیزە فرۆشراوەکان (کچانی کورد) لە شاڵاوی ئەنفال و لەناوبردنی سەد و هشتا و دوو هەزار کەسی تر. شاعیر نۆستالژیای گشتی بە دەقەکە بەخشیوە.

**بەشی دووەم**

**جۆرەکانی نۆستالژیا لە شیعری ئافرەتی کورد شیعرەکانی گۆڤاری (ڕامان) بە نموونە**

1. **نۆستالژیای تاکەکەسی:**

ئافرەتی کوردیش بەدەر نەبووە لەو کاریگەرییە دەروونییانەی، کە بوونەتە هەوێنی دەربڕینی هەستی ڕاستەقینە و دروستبوونی نۆستالژیا. لە بەدواداچوونمان بۆ ژمارەکانی گۆڤاری (ڕامان) لە سنووری لێکۆڵینەوەکامان، بەشێک لە شیعری ئافرەتان، ڕابردوو ئامادەگی هەیە. لە شیعرەکانیان خەیاڵ و نەستیان تێکەڵ بە یادەوەریەکان کردووە شیعری نۆستالژیای تاک بەرهەم هاتووە، لێرەدا چەند نموونەییێک دەکەینە باسی توێژینەوەکمان:

أ. **نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی**

سەردەمی منداڵی وەک قۆناغی بیرتیژی و دڵ و دەروون پاکی، شاعیر لێی دانابڕێت لەگەڵ یادەوەریەکانی دەژیت و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ قۆناغی منداڵی بەرهەم دەهێنێت "یادەوەری

سەردەمی منداڵی، حاڵەتێکە پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە بەبێ ویست و خواستی خۆی، زۆرجار ئەوە ڕوودەدات، کە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و لە یادەوەریەکانی ئەم قۆناغە بدوێت" (قەرەداغی ع. , 2013, لاپەڕە 193).

(فرمێسک مستەفا) لە شیعری (ئێوارەیەک لە تەنیشت ڕەنگی پەمەییدا) گەڕاوەتەوە بۆ یادەوەریەکانی منداڵی، وشەکانی (منداڵی، نەرم نەرم، سەماکردن) لای شاعیر نیشانەن بۆ بەرائەت و دڵخۆشی سەردەمی منداڵی:

بە تووڵەڕێی هێرۆ پەمەییەکان،

یادەوەریم دەژاکێ منداڵیم نەرم نەرم،

لەسەر ئاوازێکی ڕەنگ پەمەیی سەما دەکا (فرمێسک, 2007, لاپەڕە 7).

لێرەدا شاعیر بە ژاکان و سیسبوونی یادەوەریەکانی، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی بەرجەستە کردووە و ناتوانێت لە یادیان بکات، بەڵکو یادەوری منداڵی کردۆتە جێگرەوەی ناخۆشییەکان و ئارامبەخشی بۆ ئێستای، بەمەش نۆستالژیای تاکی بەرهەم هێناوە.

بێگوناهی و سادەیی قۆناغی منداڵی سەرنجی (بێری بهار)ی ڕاکێشاوە، گەڕاوەتەوە بۆ یادگارییەکانی. شاعیر لە شیعری (هێڤی جەژن) دەگەڕێتەوە بۆ جەژن و ڕۆژووگرتنی سەردەمی منداڵی خۆی:

جۆتەک شەکالێن نوو،

دبنێ بالیفا من دە،

دەستێ من د پاخلا دێیا من دە

من چاڤێت خوە ب لەز گرتن،

چ بۆ ب لەز ببە سبە ...

سبەهی جەژنە ...

دو ڕۆژان هەیا نیڤرۆ ڕۆژی بووم،

دیا من ئەو دروت، بوو ڕۆژەک (بێری, 2019, لاپەڕە 13).

دیمەنەکانی ژیانی منداڵی بۆ شاعیر ئارامبەخشن، وەک کڕینی جوتێک پێڵاو و پەیوەست بوونی بە دایکی و زوو نوستن و زوو هەڵسانی بۆ گەیشتن بە ڕۆژی جەژن، هەروەها گەڕانەوەی شاعیرە بۆ چۆنیەتی ڕۆژووگرتنەکەی، تا نیوەڕۆ، لە کوردەواریدا دایک بە منداڵی دەگوت هەردوو ڕۆژووەکەت بۆ دەدوورمەوە دەبێت بە ڕۆژوویەکی تەواو. شاعیر بە گەڕانەوەی بۆ خۆشباوەڕی و سادەیی و دڵخۆشی و ڕۆژووگرتن و جەژنی منداڵی، نۆستالژیای گەڕانەوەی بۆ سەردەمی منداڵی لە دەقەکەدا بەرجەستەکردووە.

گەڕان بە دوای دەروونێکی ئارام و جیهانێکی دوور لە ڕق و کینە، (مهاباد ئازاد)ی لە شیعری (ئەو دیو ئاگر) گەڕاندۆتەوە بۆ سەردەمی عەشق و سادەیی و بێخەمی منداڵی:

کە منداڵ بووین بەیانیان لە لێواری جۆگەلەی ئاگرینی

دوای گڕکانەکان چاومان دەشووشت

شەوانیش بە ئەسپایی لەژێر نمە بارانی ڕەحمەتی ڕوحمان

ناو لەپمان پڕ دەبوو لە گیا

گەرووومان پڕ دەبوو لە گۆرانی

هەناسەمان لە بۆی گوڵ و سینەشمان پڕ لە عیشق (مهاباد, 2009, لاپەڕە 10).

شاعیر گەڕاوەتەوە بۆ قۆناغی سادەیی چاوشوشتنی بەیانیان و شەوانی منداڵی و هەست نەکردن بە ئێش و ئازارەکانی ژیان. شاعیر بە گەڕانەوەی بۆ قۆناغی منداڵی هەوڵی بەدەستهێنانی ئارامی و ئاسوودەیی دەدات، بەمەش نۆستالژیای تاک، کە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵی خستۆتەڕوو.

**ب. نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سروشت**

شاعیرانی کورد مەیلی گەڕانەوەیان بۆ سروشت هەبووە وەک خۆ ڕزگار کردن لەو بارە دەروونییەی کە تێیدان. دیمەنەکانی دەشت و دۆڵ و چیا و ڕووبار و وەرزەکان... هتد. "ئاشکرایە شاعیرانی کورد بە شێوەیەکی گشتی لەم هەست و نەستە ئاڵۆزەوە دوورن و زۆر تا کەم سروشت پەروەرییان لێ بەدی دەکرێت، بە هۆی ڕەنگینی و ڕازاوەیی دیمەنەکانی کوردستان و بەفەڕی دەشت و چیاکانیەوە" (قەرەداغی، 1978، لاپەڕە 3). تیکەڵبوونی هەستی شاعیر لەگەڵ سروشت ڕێگەیەکە بۆ بەرەوپێش بردنی داهێنان و ئەفراندنی هونەر "سروشت سەرچاوەیەکی سەرەکی و بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییە، لەبەرئەوەی هونەرمەند خاوەن هەستێکی ناسکە و بە وردبوونەوە لە جوانییەکانی سروشت و دیاردەکانی دەتوانێ داهێنان بکات و کارەکەی بەرەو ئاستی باڵا بەرێ" (مستەفا، 2009، ل34). (کەژاڵ ئیبراهیم) لە شیعری (لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام) گەڕاوەتەوە بۆ باوەشی سروشت، چاوەکانی دەکات بە پاسەوانی دڵ، بەو مەبەستەی چێژ لە سروشت ببینێت و جوانی لە ژیان بەدی بکات:

لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام

چاوەكانم بوونە پەرژینی دڵت

گەڕام تاكو

ئاسمان بە شینی و ئەستێرە بە گەشی

نمەی باران بە جوانی و

شەونمی درەخت بە زەردەخەنەوە ببینم (كەژاڵ, ٢٠١٦, لاپەڕە ٧).

شاعیر لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ نێو سروشت، بە بەكارهێنانی دیمەنەكانی (ئاسمانی شین، ئەستێرەی گەش، نمەی باران، شەونمی درەخت)، كە هەریەكەیان وێنەیەكی سروشت و هێمای جوانی و دڵخۆشكردنی مرۆڤن. شاعیر بە تێكەڵكردنی هەستی خۆشەویستی لەگەڵ دیمەنەكانی سروشت، داهێنانی لە دەقەكەدا كردووە ، گەڕاوەتەوە بۆ نۆستالژیای سروشت.

(ڤەژینا كورد) لە شیعری (مەپرسن) دیمەنە سروشتییەكان ئاوێتەی هەست و سۆزی خۆی كردووە، لە ڕێگەی بەكارهێنانی كەرەسە سروشتییەكان (دارتوو، با، زڤستان، چیا، مژێ، گوشیێن ترێ، ڕەز) سەرتاپای دەقەكەی وەك تابلۆیەكی سروشت ئاسا خستۆتەڕوو:

ژ دار تویێ یا ڕووت

ڕاموسانێن بایێ زڤستانێ مەپرسن

ژ چیایێن بەژن بلند

ڕەنگێ لێڤێن مژێ بپرسن

ژ شووشەیێن مەیێ..

ڕۆندکێن گۆشیێن ترێ

و نالینا ڕەزان مەپرسن

سەرخۆشیا دلان ژ مەیئۆشان بپرسن (ڤەژینا, 2016, لاپەڕە 10).

شاعیر دەیەوێت یەک بە یەکی دیمەنە سروشتییەکان بدوێنین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، وێڕای داهێنان لە دەقەکەدا بە دیمەنی ڕووتی دارتوو لە زستان و تەمومژی چیاکان و ڕەزی ترێ وەک سەرچاوەی مەی بۆ مەیئۆشان، نۆستالژیای گەڕانەوەی بۆ نێو سروشت بەرجەستە کردووە.

حەسرەت و غەریبی و بیرکردنی دیمەنە سروشتییەکانی وڵات (ڕۆژا سۆر)ی لە شیعری (حەسرەتا باخچەڤان)دا گەڕاندۆتەوە بۆ نێو سروشت، سروشتێک کە لە ڕابردوودا مایەی چێژبەخشین و ئاسوودەیی و خەم ڕەوێنی ئەو بووە، شاعیر هەستی خۆی ئاوێتەی گوڵ و چیا و بۆنوبەرامە و ڕەنگەکان کردووە، لە دەقەکەدا دیمەنێکی نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سروستی بەرهەمهێناوە:

من بیرا کولیلکان کرییە

کولیلکێن چیایێ مە

سۆر، زەر، مۆر و پەمبە

ئەو کولیلکێن چیان

وار بێن خوەش و پاقژ

وار ئازاد (ڕۆژا سۆر, 2016, لاپەڕە 7).

**ج. نۆسالژیای دووری حەسرەتی نیشتمان**

حەسرەتی دووری و تاراوگە و ڕاکردن لە واقیعی تاڵی ژیانی دوورەدەستی و بیرکردنەوە لە گوند و شار و وڵات دەوڵەمەند کردنی خەیاڵی شاعیرە "غوربەت هۆکاری سەرەکیی لە دایکبوونی شیعری نۆستالژیایە، شاعیر پەنای بۆ دەبات تا دەروونی ئارام بکاتەوە" (حەسەن & بینابی, 1398, لاپەڕە 221). ئاوات خواستن بە ژینگە و سەردەمە جیاوازەکان، هەستی گەڕانەوەی نۆستالژیایە بۆ زێد و گوند و شار و نیشتمان، چونکە کات و شوێن دوو فاکتەری کاریگەر و سەرەکین بۆ گۆڕانکاری دروست کردن لە ژیانی مرۆڤ و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبدا.

ژیانکردن لە تاراوگە و غەریبی و دوورە وڵاتیدا بووەتە مایەی حەسرەتی گەڕانەوە لای (نیگار نادر) لە شیعری (لە وێندەرێ مارەم دەکەی)، چونکە ڕێوڕەسم و بۆنە تایبەتییەکان لە تاراوگە و دوورە وڵاتی بۆ ئەو جێگەی بایەخ نین:

دەگەل تاوکەتنێ دەگەینەوە هەولێرێ

کەوا سپیەکەم لەبەر دەکەمەوە و

لەسەر قەلاتێ .. لەسەری سەفینی

لەسەر دەستی کوردستانێ مارەم دەکەی (نیگار, 2007, لاپەڕە 9).

شاعیر ئاسوودەیی و شادییەکانی دەروونی خۆی پەیوەست کردووە بە گەڕانەوە بۆ نیشتمان، دەیەوێت لە شاری (هەولێر) و لە سەر (قەلات)ێ کە ڕەمزێکی کۆنی شارە و چیای (سەفین)ی وەک هێمای بەرخوودان و شۆڕشەکانی کورد، هەست و خۆشییەکانی تێکەڵ بە نیشتمان بکات، لە مارەکردنیش (کوردستان) بکات بە گەواهیدەر و لە سەر دەستی ئەو مارە بکرێت، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی بەرجەستە کردووە.

ڕانەهاتن و نامۆبوون بە ژیانی ئاوارەیی و خەمی گەڕانەوە بۆ مەملەکەت، سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی نوستالژیای حەسرەتی نیشتمانە. (ژاوێن شاڵی) لە بەشێک لە شیعری (وەرزانەی ئەوینێکی پاییزی)دا دەیەوێت لە خۆشییەکانی دوورە وڵاتی ڕا بکات و باوەش بە نیشتمانی خۆیدا بکات:

لەگەرمەسێری ئەوینێکی سەردەمیانە

بەرەو وڵاتی خۆم ڕجوع دەبمەوە

باوەش بە میهرەبانی جادە و چۆڵ و

کوچەی تەنیا و چرپەی پڕ نازی کچانەو

پشتی سەرکەشا ئەکەم...

هەواری دوور بەجێ دێڵم

نامەوێ هەناسەیەکم لە لێواری ئەم غرووبە

لەکیس بچێ

لەوێندەرێ.. باگرەیە

شنەی شەماڵی سەحەرێ بەدی ناکرێ

تای تاسانێ سەراپامی داگرتووە

قومی ئاوی فێنکم ئەوێ... (شاڵی، 2011، لاپەڕە 3).

شاعیر جادە و کوچە و کۆڵان و چرپەی کچانی نیشتمان بە پیرۆز و ئارامبەخش دەزانێت، ڕاناهاتووە لەگەڵ ئاو و هەوای تاراوگە و گەرمەسێر و باگرەی دوورە وڵاتی، ناتوانێت دەستبەرداری شنەبا و ئاوی فێنکی کوردستان بێت، بۆیە باوەش بە سروشت و وڵات دەکات و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ نیشتمان بەرهەم دەهێنێت. دلشاد عەلی دەڵێت: "جوانی سروشت و وێنەگرتنی دیمەنەکانی تەنها لایەکی ئەو معادەلەیە بوو کە خۆشەویستی نیشتمان تەواوکەری بوو" (ئیسماعیل, 2010, لاپەڕە 151).

**د. نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووری لە دڵدار (مەعشوق)**

خۆشەویستی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، عیشقیش دۆخێکی ناجێگیرە و مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێکی دەروونی، بۆیە خەم و حەسرەتی دووری دڵدارەکان لە یەکتر، دەیانگەڕێنێتەوە بۆ یادکردنەوەی سەردەمی پێکەوەبوون و سۆزداری و ژووان بەستن. نۆستالژیای دووری لە مەعشوقەکان، پانتاییەکی فراوانی لە شیعری ئافرەتان داگیر کردووە:

دوورکەوتنەوەی مەعشوق لە لای (بەهرە مفتی) لە بەشێک لە شیعری (چاوم لە ڕێیە وەک ئەو چاوانەی لە چاوەڕوانیدان)، بووەتە هۆی چەشتنی ئازاری دەروونی و جەستەیی، شاعیر وێڕای حەسرەتی دووری خۆشەویستەکەی عەشقی ڕابردووی فەرامۆش نەکردووە، بە

یادکردنەوەی گەڕاوەتەوە بۆ ئەو زەمەنەش کە پڕ لە عەشق و خۆشەویستی بووە لەگەڵ دڵدارەکەی، کە نیشانەی خەمخواردنیەتی بۆ ڕۆژانی شادی و خۆشەویستی، بۆیە شاعیر بە خەم و حەسرەتی دەست پێنەگەیشتنی دڵدارەکەی و نەگەڕانەوەی عەشق تووشی حاڵەتی نۆستالژیای تاک بووە:

دەستم ناگاتە دەستت

قاچم بە پێخوستی

لە دواوە چەقیوە

دڕکی دابڕان لە ئێسکەکان چەقیوە

زەمەنێک بوو

گەڵاکان جەستەی درەختەکانیان

رووت نەکردبووەوە لە عەشق (مفتی، ١٩٩٧، لاپەڕە ١٢١).

(چنوور نامیق) لە بەشێک لە شیعری (پەیامی فنجانی قاوە بۆ ژەنەڕاڵێکی سپی)، لە ڕێگەی خەیاڵەوە ئارەزووی دیداری خۆشەویستەکەی دەکات، بیرکردنەوەیەکی دوولایەنەی مەعشوق و دیمەنی سەرنج ڕاکێشی کەشێکی خۆشەویستی لەبار، جیهانێکی دڵدارانەی مەستی ئەوینیان بە شاعیر بەخشیوە. بەڵام لە ئێستادا شاعیر بە هۆی حەسرەتی دووری و ئارەزووی گەیشتن بە خۆشەویستەکەی و بێبەش بوونی لە دیمەنە سەرنج ڕاکێشەکانی وەک هەور و باران و ژوانگەی خۆشەویستی، نۆستالژیای دووری دڵدارەکەی بەرجەستەی کردووە:

بیری خەمی هەور ئەکەم تیکەڵ بە تەماشام ئەبوو

بیری هاتنی تۆ ئەکەم

ئا لێرە نا

لە جێژوانە نایلۆنیەکەی بەردەم باران

بیری هەرای ئەوسا ئەکەم

هەرای پێکی ڕژاوی دڵ

لە ژێر هەورە دوو دڵەکە، ئا لێرە نا... (چنوور, ٢٠١٦, لاپەڕە ٥).

(خولیا حوسێن) لە شیعری (سەفەری عەشق)دا، شەوانی تەنهایی و حەسرەتی دووری لە دڵدارەکەی بە چیرۆکە ترسناکەکانی بەرئاگردان و شەوە درێژەکانی زستان چواندووە، شاعیر نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووری لە دڵدارەکەی بەرجەستەکردووە:

بێ تۆ شەوەکانم درێژترن لەو چیرۆکە بە ترسانەی

داپیرەم لەشەوە درێژەکانی بەر ئاگردان بۆی دەکردین و

هەر نەبڕایەوە (خولیا, 2007, لاپەڕە 10).

## 2. نۆستالژیای گشتی:

لەم جۆرە نۆستالژیایەدا شاعیرانی ئافرەت لە گۆڤارەکە گەڕاونەتەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان و بابەتە فۆلکلۆرییەکان و داستان و ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان، بە گەڕانەوەیان بۆ ئەم بابەتانە هەست و نەستێکی گشتییان بە دەقەکان بەخشیوە:

### أ. نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان

ئەفسانەکان بەرهەمی لە مێژینە و تێڕوانینی ئێستای  هزر و خەیاڵ و بیری مرۆڤن، هۆکارێکی بەرز و گرنگن بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ بە شێوەی جیاجیا کۆنترین ئاستی بیرکردنەوەن بۆ وردبوونەوە لە ژینگە و ناسینی بوارەکانی تر، بۆیە مرۆڤ لەکۆندا بۆئەوەی ئاشنا بێت بە دەوروبەری خۆی، پەنای بۆ ئەفسانەکان بردووە، چونکە لە ئەفسانەکان هەست بە داهێنان دەکرێت. داهێنراوی پڕ خۆشی و ناخۆشین (حەسەن م. ئ., 2007, لاپەڕەکان 25-33). لەبەرئەوەی ئەفسانەکان بەشێکن لە ڕابردوو، نۆستالژیاش گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. کەواتە، دەتوانین بڵێین، نۆستالژیا و ئەفسانەکان پەیوەندییەکی قوڵیان بە یەکەوە هەیە. بۆیە شاعیران نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانەکان بەرهەم دەهێنن:

(مەهاباد قەرەداغی) لە شیعری (زەردەشت و تیشک و پەیام) سوودی لە کەرەسەی ئەفسانەی فەلسـەفەی ئایینی زەردەشـت وەرگرتووە، (ئاهورامازدا)ی خودای خێر و (ئەهریمەن)ی خودای شـەڕ، وەک دوو هێزی ململانێ لە نێو شیعرەکە بەکارهاتوون، شـاعیر بە مەبەسـتی نزاکردن بۆ ڕۆچوونە نێو دەریای خەڵوەت و توانەوەی ڕۆحی و ڕەنگدانەوەی لایەنی چاکە (ئاهورامەزدا) لە خۆیدا، لە فەزایەکی خەیاڵی ئەفسانەییدا هەستێکی گشتی نۆستالژیای دروستکردووە:

زەردەشت

لە چاڵە ئەهریمەنیەکانی بێدەنگیدا نوقمی دەریای خەلوەتم کە

لەشەکڵە بێسنوورەکانی تیشکدا جەستەم بتوێنەوە

با (ئاهورامەزدا) لە کلێشەی پشکۆیمدا بەرجەستەبێ (قەرەداغی، 1998، لاپەڕە 122).

(نەجیبە ئەحمەد ) لە شیعری (مێژووی دارسێو)دا بە گەڕانەوەی بۆ سەردەمێکی دوور، کە کات و شوێنی دیار نییە وەک ساڵی (لافاوە گەورەکە، کوللە زەردەکە) لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەند ڕەمزێکی ئەفسانەیی ئایینی وەکو (فریشتەیەک، نەفرەتی خوا، نەزرگە) هەستێکی گشتی نۆستالژیای ئەفسانەیی دەخولقێنێت:

هەموو جارێ نەنکم ئەیوت: لەسەردەمانی دوورا

ساڵی لافاوە گەورەکە یان ساڵی کوللە زەردەکە،

فریشتەیەک لە یاسای ئاسمان یاخیبوو،

بەرنەفرەتی خوا کەت، بوو بەردێکی کەوە،

نەنکم ئاگای لەوە نییە ڕۆژی دوای کارەساتەکە،

بەردەکەوە شەقی بردوو لەناوتوێی سنگییەوە

نەمامی سێوێک باڵای کرد،

کەس نازانێ نەمام ئێستا،

درەختێکی پیرە و نەزرگەی گەورە کچانە (نەجیبە, ١٩٩٧, لاپەڕە ١١٦)

گەڕانەوەی شاعیر بۆ ئەفسانەیەکی سەر زاری نەنکی و دواتر سەرهەڵدانی ئەفسانەیەکی تر لە نێو ئەفسانەی یەکەم وەک (شەقبوونی بەردەکەوە، باڵاکردنی نەمامی سێو، بوون بە بەرد) بە هەموو ئەو دیمەنانە شاعیر دۆخیکی نۆستالژیای ئەفسانەیی گشتی داهێناوە.

**ب. نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان**

ئەدەبی فۆلکلۆر بەرهەمی قۆناغە جیاوازەکانە لە کۆندا، گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان سەرچاوەیەکی گرنگی نۆستالژیای نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەران و شاعیرانە، هەریەکەیان بەپێی ئەزموون و شارەزایی خۆیان بابەت و کەرەسە فۆلکلۆرییەکان لە خستنەڕووی بیرۆکەکانیان بەکاردەهێنن. "شاعیر بە گەڕانەوە و سوود وەرگرتن لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەڕانەوەیەکی تەواو تۆکمە دروست دەکات" (محمد، 2024، لاپەڕە 171). پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ڕابردوو ئێستا دەخاتەڕوو. گۆرکی دەڵێت: "فۆلکلۆر کەرەسەیەکی خاوی مەزنەکان و سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران. ئەگەر بە باشی لە ڕابردووو بگەین، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر ڕەنگین دەبێ و ئەوسا زۆر بە وردی لە گرنگی فۆلکلۆر دەگەین" (ڕەسووڵ, ٢٠١٠, لاپەڕە ١٣). هەڵبەتە فۆلکلۆری کوردیش ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ڕەنگدانەوەی نۆستالژیای نووسەر و شاعیرانی کورد، وەک بەکارهێنانی وشە، دەستەواژە فۆلکلۆرییەکان، پەند، چیرۆک، حیکایەت، کەلەپوور، ئامێرە کۆنەکان، ئاواز و گۆرانی، خواردنە کوردەوارییەکان... هتد. بەمەش شاعیران یادگارییەکانی ڕابردوو زیندوو دەکەنەوە و چێژ لە بەکارهێنانیان دەبینن.

(فاتما ساڤجی) وەک کەسێکی ئاشنا بە ژیانی گوند و فۆلکلۆری نەتەوەکەی، لە بەشێک لە شیعری (سترانێن هەڤریشمی)دا ئامێرە کەلەپوورییەکانی لە زەینیدا ماونەتەوە، کە لە سەردەمی کۆن و ژیانی سادەی گوند بەکارهاتوون، لەگەڵ لایەنی هەستی دەروونی خۆی تێکەڵکردووە:

دناڤ تلیێن کو دلەرزن دە

قەلوونێن تووتنا مووشێ...

ژ بۆ دەرکەڤن سبحەک دی

لاڤا دکن ژ ئاهورامازدا...

ل سەر چۆکێن پیرەژنان تەشی

سترانێن هەڤریشمی درێسن

ژ دەردێ دلێ خوە، ژ برینێن نەدەیکری... (ساڤچی، 2011، لاپەڕە 12).

شاعیر ناوی دوو کەرەسەی فۆلکلۆری کۆنی کوردی بەکارهێناوە، کە بریتین لە (قەلوون، تەشی)، کە لە کۆندا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتوون، بەڵام لە ئێستادا بەکارهێنان و ناسینیان کەمترە. شاعیر (تەشی) وەک هێما و ئاماژەدان بە ڕستن و دەست ڕەنگینی ئافرەتی کوردی بەکارهێناوە، هەروەها (قەلوون) کە مەبەستی (سەبیل، قلیان)ە، ئامێرێکی کەلەپووری کلک درێژە بۆ کێشانی جگەرە بەکاردێت. شاعیر دیمەنی پاڕانەوە و نزاکردنی کەسێکی قەلوون بە دەستی لەرزۆکی بێتوانا، یاخود پیر لە خواوەندی چاکە (ئاهورامازدا) بۆ هاتنی ئایندەیەکی باشتر خستۆتەڕوو. بە بەکارهێنانی هەردوو وشەی (قەلوون، تەشی)، نۆستالژیای گەڕانەوەی بۆ فۆلکلۆر بەرهەم هێناوە.

پەندی پێشینان ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاویان هەیە لە شیعری شاعیران. بەشێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆر پێکدەهێنێت، بەرزی و جوانی زمان و لایەنی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ژیانی گەلی کورد دەردەخات (شوکریە ڕەسووڵ، 2005، لاپەڕە 29). پەندی پێشینان بووەتە هۆی

بەرهەم هێنانی نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر. (تەرزە جاف) لە شیعری (جەنگاوەرە ئازاکانی شەڕ، عاشقە ترسنۆکەکانی ئێمە) سوودی لەم پەندە یاخود لەم وتە سەرزاریە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە، کە لە کۆندا وتراوە: (وەک پشیلەی حەوت ڕوح وایە)، شاعیر بە گەڕانەوەی بۆ ئەم پەندە و بەهێزبوونی خۆی لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا، نۆستالژیای گەڕانەوەی بۆ فۆلکلۆر لە دەقەکە بەرهەمهێناوە:

کە پێی دەوتم پشیلە

نەمدەزانی

حەوت جار دەستی دەچێتە ڕۆحم (جاف، 2017، لاپەڕە 3).

گۆرانی و شیعرە کۆنەکان بەشێکی زۆر لە فۆلکلۆر پێکدەهێنن. (گورگانە شەوێ) گۆرانییەکی کۆنی فۆلکلۆری کوردییە، کە لە کۆندا دایکان منداڵەکانیان پێ دەخەواند "گورگانە شەوێ جۆرە گۆرانییەکە منداڵی پێ دەکرێتە خەو" (خاڵ، 2005، لاپەڕە 401). (ناهید حوسێنی) لە شیعری (هەناسەیەک پڕ بە ناخی خاک)دا دەڵێت:

بۆ کوێ ئەچی ئەی سەرگەردان

ئەو ڕووناکییانەی لە دوور

ڕەنگە تریفەی چاوی گورگە شەوێ بن

ئای...

گورگە شەوێ، گورگانی شەوێ

لە بەهاری ژینم دوور کەوێ  (حوسێنی، 2000، لاپەڕە 182).

شاعیر گەڕاوەتەوە بۆ گۆرانی (گورگانە شەوێ) کە لە کۆندا لەسەر زاری خەڵک بووە:

گورگانە شەوێ گورگانە شەوێ لەماڵی ئێمە دوورکەوێ

شاعیر ئەم گۆرانییەی تێکەڵ بە هەست و سۆزی خۆی کردووە، لەڕێگەی نەستەوە نۆستالژیای گشتی بە شیعرەک بەخشیوە. هەروەها (پیرەمێرد)ی شاعیریش لە شیعری (لای لایە بۆ منداڵ) دەڵێت:

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

بەرخە بچکۆڵەکەم خەوی لێ بکەوێ (ئومێد ئاشنا، 2009، لاپەڕە 14).

**ج.نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ داستانەکان**

نوسەران و شاعیران بۆ ئافراندن و داهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان، وەک کەرەسەیەکی خاو سوودیان لە داستانەکان وەرگرتووە. بە گشتی لە ئەدەبیاتی کوردی دوو جۆر داستان هەیە: داستانێک، کە خۆماڵییە و هی کورد خۆیەتی و داستانێکیش هاوبەشە لەگەڵ نەتەوەکانی تر. کورد وەک هەر نەتەوەیەکی تر خاوەن چەندین داستانە بە هەموو جۆرەکانی وەک: داستانی قارەمانی و خۆشەویستی و دڵداری و نیشتمان پەروەری و سوارچاکی و شۆڕشگێری و نەتەوەیی... هتد، لە نموونەی ئەمانە وەک (مەم و زین، خەج و سیامەند، ئەسمەر و مامەر، قەلای دم دم... هتد) جگە لەمانە کورد خاوەن چەندین داستانی تری هاوبەشە لەگەڵ نەتەوەکانی تر وەک داستانی: (گلگامێش، لەیل و مەجنون، یوسف و زولەیخا... هتد).

(ئاخین وەلات) لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ داستانی ئەڤینی (مەم و زین) لە شیعری (ڕازنا ئاشکەرا) باس لە خۆشەویستی نێوان خۆی و دڵدارەکەی دەکات و لە کۆشکی شاهانەی ئەڤیندا خۆی و خۆشەویستەکەی بە دوو پاشا زانیوە:

ئەز و تۆ

د شانەشینا ئەڤینێ دە

دوو پاشانە و

پیالا (مەم و زینێ)

د دەستێ مەدە

دتەڤزە (ئاخین, 2013, لاپەڕە 7)

شاعیر خۆشەویستی نێوان (مەم و زین)ی بە پیرۆز زانیوە بۆیە دەڵێت: پیاڵەی خۆشەویستی مەم و زین لە نێو دەستی ئێمەش دەتەزێت و دوو دڵداری وەک (مەم و زین) ئاسان، سەرچاوەی ئەم ئەشقە و پاشانشینەی گەڕاندۆتەوە بۆ هەوێنی ئەڤینداری لە داستانی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی)، شاعیر لە ڕێگەی نەستی گشتی و ڕۆحیکی نەتەوەیی، بە هۆی کەرەسەکانی داستان نۆستالژیای گشتی بەرهەم هیناوە.

(کولسووم عوسمان پوور) لە بەشێک لە شیعری (خاتوو زین) گەڕاوەتەوە بۆ داستانێکی دڵداری کۆنی کوردی (خەج و سیامەند) کەرەسە خاوەکانی داستانەکەی وەک حەسرەت و دەربڕینی باری دەروونی خۆی بەکارهێناوە، وشەی (خاتوو زین)ی وەک ناونیشانی شیعرەکە هەڵبژاردووە، کە کارەکتەرێکی سەرەکی داستانی (مەم و زین)ە، شاعیر بۆ گەیاندنی پەیامی

خۆشەویستی گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن و لە نۆستالژیاکەی سوودی لە هەردوو داستانی کوردی وەرگرتووە:

ئەگەر سیحری سیامەندیت

خەجی خەمباری ڕۆژانم بتۆرێنێ

ئەگەر ڕێبواری یادی تۆ

دەلاقەی ئاواتەکانم نەلاوێنێ

وا مەزانە بڕوا بکەم (کولسووم, 2003, لاپەڕە 147).

**د. نۆستالژیای گەڕانەوە کەسایەتییە نەتەوەیی و ڕووداوە مێژووییەکان**

تێکەڵکردنی ڕووداوە سیاسی و نەتەوەیی و کەسایەتییەکان لەگەڵ هەست و سۆزی شاعیر، هەوێنی داهێنان و جوانکردنی بەرهەمی شاعیرانن. لاپەڕەکانی مێژووی کوردیش تەنراون بە ڕەمزە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی وەک بۆنە و ڕووداو و کەسایەتییەکان... هتد، کە سەرچاوەیەکی گرنگی نۆستالژیان "شاعیرەکان مێژوو تەوزیف دەکەن بە لەدایک بوونێک، لە بیرەوەریەکانی مێژوویان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، یان بەبیر هێنانەوەی کاتە ڕابردووەکان و لە وێنەی شیعری خۆیاندا بڵاوی دەکەنەوە، بە زۆری ئەم بە بیرهێنانەوەی ڕابردوو پێکچوونە و نزیک بوونەوەی وێنەی شیعرییە لە میانەی ئێستاو ڕابردوودا" (عیسا, 2009, لاپەڕە 291).

(نەسرین فەخری) لە شیعری (هیوای نەمر) گەڕاوەتەوە بۆ ڕەمزە نەتەوەییەکان وەک گردی (مامەیارە) و شاعیر و کەسایەتی نەتەوەیی کورد (پیرەمێرد) و (ئاگری نەورۆز) کە سومبلی

جەژنی نەتەوەیی کوردە. شاعیر هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تێکەڵ بە هەستی خۆی کردووە، بەمەش نەستی گشتی نۆستالژیای لە لای خوێنەر دروست کردووە:

(مامە یارە)ش شەو وەک شەوگار

ناسەکنێ تا ڕۆژ دێتە خوار

(پیرەمێرد)یش ڕوو لە ڕۆژگار

ئاگری(نەورۆز) دەکاتەوە

مێژووی دوێنێ لە ئەمڕۆدا

تازە تازە دەکاتەوە (نەسرین, 2001, لاپەڕە 118).

(ماریە ئەحمەد) لە سۆنگەی هەستکردن بە ڕووداوە سیاسییەکان و نەهامەتییەکانی گەلی کورد، لە شیعری (ئەم ئێوارە سووورباوەش) سوودی لە بەکارهێنانی وشەی (ئەنفال) وەرگرتووە:

هاوار لەخۆم، خۆمێک

هەر لە ژنێکی پاشماوەی ئەنفالە بەدناوەکە دەچم (ماریە, 2013, لاپەڕە 5).

لێرەدا شاعیر ئاهو حەسرەتی دەروونی خۆی بە (هاوار) دەربڕیوە و خۆی بە ژنێکی تاڵاو چەشتووی پاشماوەی کارەساتی (ئەنفال)ی بەدناو چواندووە، گەڕاوەتەوە بۆ ڕووداو و کارەساتێکی دڵتەزێنی مێژوویی و نەتەوەیی، کە بە سەر گەلی کورددا هاتووە، بەمەش نۆستالژیای گشتی بەرهەم هێناوە.

## ئەنجامەکان

1- ئافرەتی کورد لە شیعرەکانیدا نۆستالژیای (تاک)ی لە جۆرەکانی (نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سروشت، نۆستالژیای خەم و حەسرەتی نیشتمان، نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووری لە دلدار) و نۆستالژیای (گشتی) لە جۆرەکانی (نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ داستانەکان، نۆستالژیای کەسایەتییە نەتەوەیی و ڕووداوە مێژووییەکان) بەرهەم هێناوە.

2- لە شیعری ئافرەتی کورد، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و ئارەزووی وەبیرهێنانەوەی یادگارییەکانی منداڵی و ڕەتکردنەوەی ژیانی ئێستا بوونی هەیە.

3- نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووری نیشتمان و حەزی گەڕانەوە لە دوورە وڵاتییەوە بۆ زێد و نیشتمان لە نێو شیعری ئافرەتانی کورد لە گۆڤارەکە ڕەنگیداوەتەوە.

4- گەڕانەوە بۆ سروشت لە شیعری ئافرەتانی کورد لە نێو گۆڤارەکە بونی هەیەو، دیمەنێکی نۆستالژی سروشتی بە شیعرەکە بەخشیوە.

5- ئافرەتی کورد لە شیعرەکانیان بە هۆی دەربڕینی هەستی بەیەک نەگەیشتن و چاوەڕوانی خۆشەویستەکانیان، نۆستالژیای خەم و حەسرەتی دووری لە دڵدارەکانیان بەرهەم هێناوە.

6- نۆستالژیای ئەفسانە و داستان و بابەتە فۆلکلۆرییەکان بونیادێکی بەرچاوی نۆستالژییان لە شیعری ئافرەتی کوردی نێو گۆڤارەکە پێکهێناوە، کە هەوڵی زیندووکردنەوەی کولتووری نەتەوەیان داوە، تا ناسنامەی خۆیان و نەتەوەکەیان پیشان بدەن.

7- ڕووداوە مێژوویی و کەسایەتییە نەتەوەییەکان، نۆستالژیای هەندێک لە بەرهەمەکانی شیعری ئافرەتی کوردیان پێکهێناوە، هەوڵیانداوە زیندووی بکەنەوە.

8- جۆری نۆستالژیا لە نموونەی شیعری ئافرەتی کورد لە نێو گۆڤارەکە، لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە، مەرج نییە هەموو جۆرەکانی نۆستالژیایان داهێنابێت.

9- نۆستالژیا لە شیعری ئافرەتی کورد، بووەتە هۆی ئەوەی کە جوانی و داهێنان و وێنەی هونەری بە دەقە شیعرەکان ببەخشێت.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی


بێری بەهار. 2019. هێڤی جەژن. *گۆڤاری ڕامان*. 261، لا 13.

جاف، تەرزە. 2017. جەنگاوەرە ئازاکانی شەڕ. *گۆڤاری ڕامان*. 242، لا 3

جەبار سابیر. 2008. *لەو دیو هەناسەکانی شیعرەوە*. *سلێمانی*: چاپخانەی شڤان.

چنوور نامیق. ٢٠١٦. پەیامی فنجانی قاوە بۆ ژەنەڕاڵێکی سپی. *گۆڤاری ڕامان*. ٢٣٣، لا.٥.

حەسەن، مەولوود ئیبراهیم. 2007. *پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی*. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

حەسەن، محمد فەریق. 2008. *هێمن و بۆنی غەریبی*. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

حەسەن سەرباز & محمد سەیوان بینابی. 1398. شێوەکانی نۆستالژیا لە شیعرەکانی (پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیاب)دا. *پژهشنامه ادبیات کردی*. 5(7)، لا ٢٠٨-٢٢٨.

حوسینی، ناهید. 2000. هەناسەیەکی پڕ بە ناخی خاک. *گۆڤاری ڕامان*. *52، لا* 182.

خاڵ، شێخ محمدی. 2005. *فەرهەنگی خاڵ*. بڵاوکراوەی ئاراس.

خولیا حوسێن. 2007. سەفەری عەشق. *گۆڤاری ڕامان*. 120، لا ١٠.

*دیوانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر*. 2015. بەرگی سێیەم.

*دیوانی نالی*. 2004. لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس و فاتح عبدالكريم. تەهران. چاپی دووەم. چاپخانەی سهر.

*دیوانی هێمن*. 2005. نالەی جودایی. بەسەرپەرشتی سەیران حیکمەت، سەردار شەمزاو. کوردستان. بڵاوکراوەی عیراق- کوردستانی ئازاد.

ڕۆژا سۆر. 2016. حەسرەتا باخچەڤان. *گۆڤاری ڕامان*. 225، لا ٧.

ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا. ٢٠١٠. *ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.

ڕەشید، احمەد محمد & مەهدی فاتح عومەر. 2020. *نۆستالژیا لە دیوانە شیعری (ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێر)ی (جەمال شارباژێری)*دا. گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە. بەرگی 5(3)، لا ٥٣-٧٦.

ساڤچی، فاتما. 2011. سترانێن هەڤریشمی. *گۆڤاری ڕامان*. 166، لا ١٢-١٣.

شالی، ژاوێن. 2011. وەرزانەی ئەوینێکی پاییزی. *گۆڤاری ڕامان*. 175، لا ٣.

شێرزاد حسن. 2001. *لە ستایشی ئەدەبدا، کۆمەڵێ وتار*. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

شوکریە ڕەسووڵ. 2005، ل29. وەرزو *ساڵنامەی میللی لە پەند و شیعری کوردیدا*. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

عەبدوڵڵا، سۆران مامەند. ٢٠١٦. *نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا*. تاران: چاپخانەی تاران.

عەبدوڵڵا سەڕاج. ٢٠١٣. *دیداربینییەکانم*. هەولێر: چاپخانەی موکریان.

عیسا، هاوژین سلێوە. 2009. *بنیاتی وێنەی هونەر لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا*. سلێمانی: چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

فازیل شەورۆ. 2013. *دوو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی*. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

فەرەج، جەمال ڕەشید. 2010. *فەرهەنگی پزیشکی دەوەن، ئینگلیزی-عربی-کوردی*. هەولێر.

فرمێسک مستەفا. 2007. ئێوارەیەک لە تەنیشت ڕەنگی پەمەییدا. *گۆڤاری ڕامان*. 127، لا ٧.

ڤەژینا کورد. 2016. مەپرسن. *گۆڤاری ڕامان*. 241، لا ١٠.

قادر، سەرکەوت سەعدی. 2010. *نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا*. نامەی ماستەر، ز.سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە.

قەرەداغی، عەتا. 2013. *لە نێوان دەنگی خاک و دەنگی ڕوحدا، لێکۆڵینەوە*. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

قەرەداغی، عەلی شێخ عومەری. 1978. *مەولەوی و سروشت*. چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کوردی.

قەرەداغی، مەهاباد. 1998. زەردەشت و تیشک و پەیام. *گۆڤاری ڕامان*. 21، لا 120_–122

کەژاڵ ئیبراهیم. ٢٠١٦. لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام. *گۆڤاری ڕامان*. 227، لا ٦-٧.

کولسووم عوسمان پور. 2003. خاتوون زین. *گۆڤاری ڕامان*. 79، لا ١٤٧.

لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان. 2006. *زاراوەی ئەدەبی: کوردی-عربی-ئینگلیزی*. هەولێر.

ماریە ئەحمەد. 2013. ئەم ئێوارە سووورباوەش. *گۆڤاری ڕامان*. 188، لا ٧.

محمد، عزالدین صابر. 2024. *نۆستالژیا لە شیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن)دا*. تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

محمد، کەیفی & یادگار رەسول. 1397. لێکەوتەی تاراوگە لە ئەدەبی کوردیدا، بە نموونە دەقی (مەولانا خالید، نالی، حاجی قادر، پیرەمێرد، زێوەر). *پژوهشنامه ادبیات کردی*. ٤(5)، لا ١٢٤-١٦١.

مستەفا، ئاسۆ عومەر. 2009. *بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح وگۆران*. دهۆک: چاپخانەی خانی.

مفتی، بەهرە. ١٩٩٧. چاوم لە ڕێیە وەک ئەو چاوانەی لە چاوەڕوانیدان. *گۆڤاری ڕامان*. ١١، لا.١٢١.

مهاباد ئازاد. 2009. ئەو دیو ئاگر. *گۆڤاری ڕامان*. 151، لا ١٠.

موکریانی، هەژاری. 1369. *هەمبانە بۆرینە*. تهران.

نیگار نادر. 2007. لە وێندەریێ مارەم دەکەی. *گۆڤاری ڕامان*. 125، لا ٨-٩.

نەجیبە ئەحمەد. ١٩٩٧. مێژویی دار سێو. *گۆڤاری ڕامان*. 11، لا ١١٥-١١٧.

نەسرین فەخری. 2001. هیوای نەمر. *گۆڤاری ڕامان*. 55، لا ١١٨-١١٩.

ئاخین وەڵات. 2013. ڕازنا ئاشکەرا. *گۆڤاری ڕامان*. 198، لا ٧،

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. 2011. *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی*. سلێمانی: چاپخانەی بینایی.

ئومێد ئاشنا. *پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ ژیان و بەرهەمەکانی_* بەرگی دووەم. چاپی دووەم. بڵاوکراوەی ئاراس.

ئیسماعیل، نەسرین ڕەئووف. 2010. *ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا (1920*-1958).
چاپخانەی چاپی ڕۆژهەڵات.

**سەرچاوەی عەرەبی**

ابن منظور، محمد بن مکرم. 1988 .*لسان العرب* .بیروت: دار احیاء التراپ العربی.

احمديي، سيد رضا مير & علي نجفي ايوكي. 2012. الأشكال حنين في الماضي في الشعر بدر شاكر سياب .*مجلة الدراسات في اللغة العربية وادابها فصلية محكمة* .١١، ص ٥٢-٧٦.

سهيل، ادريس. 2006 .*المنهل الوسيط، قاموسى فرنسى-عربى* .بيروت: دار الأدب.

عصفور، جابر. 2001 .*استعادة الماضي* .سوريا: دار المدى.

محمد راضي جعفر. 1999 .*الاغتراب في الشعر العراقي المعاصر* .ديمشق: اتحاد الكتاب العرب.

**سەرچاوەی فارسی**

پۆرافكار، نصرت الله. 1382 .*فرهنگ جامع روانشناسی و روان پزیشکی، انگلیسی-فارسی* . تهران: انتشارات فرهنگ معاصر.

حییم، سلیمان. 1375 .*فرهنگ معاصرانگلیسی و فارسی* حییم .تهران: نوبهار.

نفیسي، سعید. 1375 .*فرهنگ فرانسه به فارسی* .تهران.

**سایتەکان**

کەژاڵ ئەحمەد (2024) *لەبۆت دەمرم هەولێرە ماست*. (ئۆنلاین). 2005/6/5:
https://knwe.org/KU/Details/

**الملخص**

الحنين إلى الماضي كموضوع المتعلق بالنفس والسيكولجية البشرية، يأخذ جزء كبير فى مجال دراسات الأدبية بالشكل العام وفي الشعر بالشكل الخاص. هذا المفهوم يعني العودة إلى الماضي والحزن والشوق إلى الوطن والأحباب والشكوى في الحياة الحاضر والتمنى للمستقبل الأفضل. وهذا البحث بعنوان (نوستالوجيا فى الشعر النساء الكورد بالأمثال شعر مجلة رامان). والهدف لهذا البحث اظهار الحنين وانواعه، من أجل التعرف على انعكاس الحنين في الشعر النسائي الكردي. يستخدم هذا البحث المنهج الوصفي التحليلي.

وتوصل هذا البحث إلى أن المرأة الكردية اعطت اهتماماً كبيراً بالحنين، واهتمام بنوع الحنين و بنوعيه (الفردي والعام) في الأدب، من حيث الحنين الفردي: الحنين إلى زمن الطفولة والحنين إلى الطبيعة، والحنين إلى البعد والحزن عن الوطن و يتجسد حنين الحزن والشوق إلى البعد عن الحبيب. ومن حيث الحنين العام يتجلى الحنين إلى الأساطير القديمة والحنين الى تراث الفلكلور و الحنين إلى القصص والملحمات القديمة والحنين إلى الشخصيات الوطنية والأحداث التاريخية. كما أضفوا على النصوص الشعرية جمالاً وإبداعاً وصوراً فنية بسبب ما يحملونه من إحساس بالحنين.

**الكلمات الرئيسية**: حنين، شعر المرأة، مجلة رامان، احساس العودة.